**فیقهی ئاسان: پەرتووکی مامەڵەکان: دەروازەی چواردەیەم: سپاردە و فەوتاوەکان**

# الفقه الميسر: كتاب المعاملات: الباب الرابع عشر: الوديعة والاتلافات

< کوردی - كردي - kurdish >


**دەستە بژێرێک لە زانایان**

نخبة من العلماء



**وەرگێڕانی: حاجی ئومێد عومەر چرۆستانی**

**پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز**

ترجمة : أوميد عمر علي الجروستاني

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

# سپاردە و فەوتاوەکان

سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان وە درود وصەڵات وسەلام بۆ سەر موحەممەدی کوڕی عەبدوڵڵا و ئال وبەیت و یار ویاوەر و شوێنکەوتوانی هەتا هەتایە .

بەڕیزان و خۆشەویستان لە چوار چێوەی بابەتی مامەڵە داراییەکان، جارێکی تر هاتینەوە خزمەت ئێوەی بەرێز، ئەمجارە بەیارمەتی خوای گەورە لەبارەی سپاردە و فەوتاوەکانەوە چوار بابەتتان بۆ باسدەکەین، بابەتی یەکەم : پێناسەی ( سپاردە = الودیعة ) وبەڵگەی مەشروعیەتی، بابەتی دووەم : مەرجەکانی دروستی سپاردە، بابەتی سێهەم : چەند حوکمێکی پەیوەست بە سپاردە، بابەتی چوارەم: لەبارەی فەوتاوەکانەوە .

**بابەتی یەکەم : پێناسەی ( سپاردە = الودیعة ) وبەڵگەی مەشروعیەتی .**

1- **پێناسەی ( سپاردە = الودیعة )** بریتیە لەو شتەی یان لەو کاڵایەی کە خاوەنەکەی یان جێگرەکەی دەیدات بەلای کەسێکەوە بۆ ئەوەی بێ بەرامبەر بۆی بپارێزێت .

2- **بەڵگەی مەشروعیەتی ( سپاردە = الودیعة )** : خوای گەورە لەم بارەیەوە فەرموویەتی : ﴿فَإِنْ أَمِنَ بَعْضُكُم بَعْضًا فَلْيُؤَدِّ الَّذِي اؤْتُمِنَ أَمَانَتَهُ﴾ [1] .

واتا : خۆ ئەگەر لە یەکتری دڵنیا بوون با ئەوەی بە ئەمین و دەستپاک دادەنرێت ئەمانەتەکەی بداتەوە وبیگرێتەوە بۆ خاوەنەکەی .

هەروەها لە جێگایەکی تردا فەرموویەتی : ﴿إِنَّ اللَّهَ يَأْمُرُكُمْ أَن تُؤَدُّوا الْأَمَانَاتِ إِلَىٰ أَهْلِهَا﴾[2] .

واتا : بێگومان خودا فەرمانتان پێدەدات کە ئەمانەتەکان بدەنەوە دەست خاوەنەکانیان، چونکە هەر شتێك بە سپاردە درایە دەستت، دەبێت بیگێڕیتەوە بۆ خاوەنەکەی .

(1) سورەتی البقرة : ئایەتی : 283 .
(2) سورەتی البقرة : ئایەتی : 283 .

هه‌روه‌ها پێغه‌مبه‌ری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) له‌ فه‌رمووده‌یه‌كی صه‌حیحدا فه‌رموویه‌تی : { أد الأمانة لمن ائتمنك, ولا تخن من خانك }[1] .

واتا : سپارده‌ی ئه‌و كه‌سه‌ بده‌ره‌وه‌ كه‌ به‌ سپارده‌ پارێزی داناویت، وه‌ خیانه‌ت و ناپاكیش له‌و كه‌سه‌ مه‌كه‌ كه‌ خیانه‌ت و ناپاكی لێ كردوویت .

چونكه‌ ژیان و گوزه‌رانی خه‌ڵك واده‌خوازێت كه‌ ئه‌مانه‌ت و سپارده‌كان بگێڕرێته‌وه‌ بۆ خاوه‌نه‌كانیان .

جا بۆیه‌ هه‌ركه‌سێك باوه‌ڕ و متمانه‌ی به‌خۆی هه‌بوو كه‌ سپارده‌ پارێزه‌ و خیانه‌ت له‌ ماڵ و موڵكی خه‌ڵكی ناكات ئه‌گه‌ر لایان دانا، ئه‌وه‌ سوننه‌ت وایه‌ ئه‌مانه‌ت و سپارده‌ی خه‌ڵكی بگرێته‌ خۆی، چونكه‌ پێغه‌مبه‌ری پێشه‌وامان ( صلى الله عليه وسلم ) هانی موسڵمانان ده‌دات كه‌ یارمه‌تی یه‌كتیری بده‌ن و به‌ده‌م جێ به‌جێ كردنی پێداویستیه‌كانی یه‌كتره‌وه‌ بن، وه‌ك فه‌رموویه‌تی : { والله في عون العبد مادام العبد في عون أخيه }[2] .

واتا : خوای گه‌وره‌ ومیهره‌بان یارمه‌تی و كۆمه‌كی به‌نده‌كه‌ی ده‌كات، مادامێك ئه‌و به‌نده‌یه‌ی یارمه‌تی و كۆمه‌كی براكه‌ی بكات .

به‌ڵام ئه‌گه‌ر هاتوو زانی كه‌ ناتوانێت پارێزگاری له‌ ئه‌مانه‌ت و سپارده‌ی خه‌ڵكی بكات، ئه‌وه‌ دروست نیه‌ سپارده‌ی خه‌ڵكی وه‌ربگرێت ولای خۆی بیهڵێته‌وه‌ .

**بابه‌تی دووه‌م : مه‌رجه‌كانی دروستی ( سپارده‌ = الوديعة ) :**

ئه‌بێت ئه‌و كه‌سه‌ی كه‌ ماڵێك یان كاڵایه‌ك به‌ سپارده‌ لای كه‌سێك داده‌نێت ئه‌بێت ئه‌و كه‌سه‌ له‌و كه‌سانه‌ بێت كه‌ هه‌ڵسوكه‌وت وته‌صه‌ڕوفی دروست بێت، بۆیه‌ ئه‌گه‌ر هاتوو كه‌سێكی هه‌ڵسوكه‌وت دروست به‌ ماڵه‌كه‌یه‌وه‌ شتێكی لای منداڵێك یان شێتێك یان گێل و كاڵفامێك سپارده‌ كرد، و ئه‌و كاڵایه‌ لای ئه‌و كه‌سانه‌ فه‌وتا و تیاچوو، هیچ زه‌مان و قه‌ره‌بوویه‌كی بۆ ناكرێته‌وه‌، چونكه‌ ئه‌و كه‌سه‌ خۆی كه‌مته‌رخه‌م بووه‌ و ڕازی بووه‌ ماڵه‌كه‌ی لای ئه‌و كه‌سانه‌ بێت، به‌ڵام ئه‌گه‌ر هاتوو منداڵێك یان شێتێك

---

(1) ئه‌بو داود به‌ فه‌رمووده‌ی ژماره‌ (3535) و تیرمزی به‌ فه‌رمووده‌ی ژماره‌ (1264) ریوایه‌تیان كردووه‌، شێخ ئه‌لبانیش به‌ فه‌رمووده‌یه‌كی صه‌حیحی داناوه‌، بروانه‌ په‌رتووكی ( الإرواء : ج5/381).

(2) موسلیم به‌ فه‌رمووده‌ی ژماره‌ (2699) ئه‌م فه‌رمووده‌یه‌ی ریوایه‌تی كردووه‌ .

یان كاڵفامێك شتێكی لای كەسێكی تر بە سپاردە دانا، ئەوا ئەو كەسە زامنی ئەو شتەیە، چونكە ڕازی بووە ئەو سپاردەیەی لا دابنرێت، جا ئەگەر فەوتا ئەوا خۆی كەمتەرخەم بووە لە فەوتان و نەپاراستنی بەپێی پێویست .

**بابەتی سێهەم : چەند حوكمێكی پەیوەست بە ( سپاردە = الوديعة ) :**

1- ماڵی سپاردە كراو ئەمانەتە لای كەسی پێی سپێرراو، بۆیە ئەگەر هاتوو ئەو كەسە كەمتەرخەم نەبوو لە پاراستنی زامن نابێت لە فەوتانی، چونكە وەك هەموو ئەمانەتێكی تر وایە، كەسی ئەمینیش ئەگەر كەمتەرخەم نەبوو لە پاراستنی ئەمانەت و سپاردە زامنی فەوتانیان نابێت، بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی كە پێغەمبەری پێشەوامان (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی : { لا ضمان على مؤتمن } [1] .

واتا : كەسی ئەمین و متمانە پێكراو زامنی سپاردەیەك نابێت ئەگەر فەوتا لای .

2- بەڵام ئەگەر هاتوو ئەو كەسەی سپاردەی لا دادەنرێت، كەمتەرخەم بوو لە پاراستنی ماڵەكە، یان خۆی دەستی هەبوو لە فەوتانیدا، ئەوا ئەگەر فەوتا وتیاچوو ئەو كەسە زامنی ئەو ماڵەیە و دەبێت قەرەبووی خاوەنەكەی بكاتەوە، چونكە ماڵی غەیری خۆی فەوتاندووە.

3- ئەو كەسەی كە ماڵ و كەلوپەلی خەڵك سپاردە دەكات لای خۆی، دەبێت ئەو كەلوپەل و ماڵە لەو شوێن وجێگایانە بپارزێت كە خەڵكی بۆ پاراستنیان بەكاریان دەهێنن، چونكە خوای گەورە فەرمانی كردووە كە سپاردەكان بۆ خاوەنەكانیان بگێڕرێتەوە، ئەمەش نایەتەدی بەوە نەبێت ئەو كەسە سپاردەكان لای خۆی بپارێزێت و باش هەڵیان بگرێت، وە هەروەها ئەو كەسە بۆیە ماڵەكەی لای ئەو كەسە سپاردە كردووە بۆی بپارێزێت و نەهێڵێت بفەوتێت، بۆیە كەسی سپاردە لای كراویش دەبێت پابەند بێت بە پاراستنی ئەوەی لای دانراوە، جا ئەگەر ماڵەكەی نەپاراست لە فەوتان و تیاچوون ئەوەی لەسەری واجب بووە ئەدای نەكردووە .

(1) دارە قوطني بە فەرموودەی ژمارە (4113) ڕیوایەتی كردووە، وە بەیهەقیش ڕیوایەتی كردووە (ج6/289)، شێخ ئەلبانی بە هەموو ڕێگاكانیەوە بە فەرموودەیەكی حەسەنی داناوە، بڕوانە : ( الإرواء : فەرموودەی ژمارە 1547).

4- ئەو کەسەی کە سپاردەی لا دادەنرێت دروستە سپاردە کراوەکە لای ئەو کەسانە دابنێت کە عادەتەن ماڵی دەپارێزن، وەك ئەوەی لای ژنەکەی یان کۆیلەکەی یان خەزنەدارەکەی یان خزمەتکارەکەی دایبنێت، جا ئەگەر هاتوو سپاردەکراوەکە لای ئەو کەسانە بەبێ کەمتەرخەم بوون و دەست درێژی کردن فەوتا، زامن نابن و قەرەبوووی ناکەنەوە.

5- ئەو کەسەی کە سپاردەیەکی لا دادەنرێت، دروست نیە بەبێ بوونی عوزرێك ئەو ماڵە سپاردە کراوە بەکەسێکی تر بسپێرێت، بەڵام ئەگەر هاتوو عوزرێکی هەبوو، وەك عوزری سەفەرکردن، یان کەوتنە سەرەمەرگەوە، ئەوا دروستە بۆی سپاردە کراوەکە بە کەسێکی تر بسپێرێت، جا ئەگەر هاتوو لەبەر بوونی یەکێك لەو عوزرانە بەکەسێکی تر سپارد و ماڵەکە لای کەسی دووەم فەوتا، ئەوا زامن نابێت، بەڵام ئەگەر هاتوو بەبێ هیچ عوزرێکی شەرعی بە کەسێکی تر سپارد و ئەو ماڵە سپاردە کراوە فەوتا و تیاچوو، ئەوا زامنە و دەبێت قەرەبووی خاوەنەکەی بکاتەوە، چونکە کەمتەرخەم بووە لە پاراستنی سپاردەکە .

6- ئەگەر هاتوو ئەو کەسەی کە سپاردەی لا دادەنرێت ترسی هەبوو لە پاراستنی سپاردەکە، یان وویستی سەفەر بکات، ئەوا واجبە لەسەری ماڵە سپاردەکراوەکە بگێڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی یان بۆ وەکیلەکەی، جا ئەگەر ئەوانی دەست نەکەوت کە سپاردەکەیان بۆ بگێڕێتەوە، ئەوا دەبێت لەگەڵ خۆیدا بیبات بۆ سەفەرەکەی ئەگەر هاتوو زانی بەو جۆرە ماڵەکە باشتر دەپارێزرێت، وە گەرنا دەبێت تەسلیمی حاکم ودەسەڵاتداری شارەکەی بکات، ئەگەر ئەوەشی نەتوانی ئەوا دەبێت لای کەسێکی متمانە پێکراوی خۆی دایبنێت، چونکە پێغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) پێش ئەوەی کۆچ بکات بۆ مەدینە هەرچی ماڵ و سەروەت وسامانی خەڵکی کە لای سپاردە کراو بوو، لای ئوم ئەیمەن داینان، وە فەرمانی کرد بە عەلی کوڕی ئەبو طالب بیانگێڕێتەوە بۆ خاوەنەکانیان [1]، هەروەها ئەگەر کەسی سپاردە لاکراو نەخۆش کەوت و ترسی ئەوەی هەبوو بمرێت، ئەوا واجبە لەسەری ماڵە سپاردە کراوەکان بگێڕێتەوە بۆ خاوەنەکانیان، خۆ ئەگەر نەیتوانی بیانگێڕێتەوە بۆ

(1) بەیهەقی ڕیوایەتی کردووە (ج289/6)، شێخ ئەلبانی بە هەموو ڕێگاکانیەوە بە فەرموودەیەکی حەسەنی داناوە، بڕوانە : ( الإرواء : ج384/5).

خاوەنەکانیان ئەوا دەبێت تەسلیمی حاکم ودەسەڵاتداری شاری بکات، یان لای کەسێکی متمانە پێکراو دایبنێت .

7- ئەگەر هاتوو سپاردەکراو ئاژەڵ بوو، ئەوا واجبە کەسی سپاردەکراو ئاڵف وئالیکی بۆ دابین بکات، وە ئەگەر کەمتەرخەم بوو وفەوتا، دەبێت قەرەبووی بکاتەوە، وە گوناهباریش دەبێت چونکە کەمتەرخەم بووە لە گرنگیدان بە گیاندارێك، بێگومان ئاو وخوادرنیش بە گیانداران پاداشتی لەسەرە لای خوای گەورە .

8- کەسی سپاردەکراو دەستپاك وڕاستگۆیە، ووتەی قەبوڵ ووەرگیراوە، ئەگەر بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە سپاردەکراوەکەی گەڕاندوەتەوە بۆ خاوەنەکەی یان بۆ وەکیلەکەی، بۆیە ووتەی ئەو وەردەگیرێت لەگەڵ سوێند خواردنی ئەگەر ووتی ماڵە سپاردەکراوەکە بەبێ کەمتەرخەمی و دەستدرێژی کردن لای ئەو فەوتاوە، هەروەها ئەگەر هاتوو خاوەن ماڵەکە داوای لە کەسی سپاردە لادانراو کرد ماڵەکەی بۆ بگێڕێتەوە دەبێت خێرا بۆی بگێڕێتەوە، بەڵام ئەگەر هاتوو بەبێ بوونی هیچ عوزرێکی شەرعی سپاردەکەی نەیگێرایەوە بۆ خاوەنەکەی و فەوتا، ئەوا زامنی ئەو ماڵەیە و دەبێت قەرەبووی خاوەنەکەی بکاتەوە .

9- نموونەی سپاردە هاوچەرخەکان : وەك ئەو پارانەی لە بانکەکان دادەنرێت، ئەویش بەوەی خاوەن پارە لە پێناو پاراستنی ماڵ وسامانی دەچێت بۆ بانك و مەبلەغەێك پارە بە ژمارە و کۆدێکی تایبەت بەخۆی ئیداع و سپاردە دەکات، بانکیش هەڵسوکەوت وتەصەڕوف بەو پارەیەوە دەکات لە بەرژەوەندی خۆی، وهەموو جارێك سودێکی جێگیر دەدات بەو کەسە، بەمەش شێوەی سپاردەکە وەك قەرزی لێ دێت لای بانکەکە، چونکە بانك وەك ماڵ ودارایی خۆی هەڵسوکەوت بەو پارەیەوە دەکات، ولە ئەستۆ وذیمەی ئەودایە، لەسەرەتایشەوە بەلێنی بە کەسەکە داوە هەرکاتێك داوای پارەکەی کردەوە بۆی بگێڕێتەوە، دیارە ئەم جۆرەش لە سپاردەی بانکەکان شێوەیەکی حەرامە چونکە ئەو سوو وڕیبا حەرامەیە کە خوای گەورە یاساغ و ڕیگری لێکردووە، بۆیە دەبێت موسڵمانان زۆر بە ئاگابن لەوەی نەکەونە مامەڵەیەکی لەو شێوەوە، بەڵام ئەو ودائیع و سپاردە بانکیانەی کە خاوەنەکانیان سوودی لەسەر وەرناگرن، وەك کردنەوەی حساب وژمارە

(جاریەکان )، هیچ گرفتێکی تێدا نیە، چونکە خاوەنەکەی هیچ زیادە وسوودێکی لەسەر وەرناگرێت، بەڵاك ئەگەر هاتوو بانك خاوەن پارەکەی پابەند وئیلزام کرد بە وەرگرتنی سوود وزیادە، وە ئەویش ناچار بوو کە پارەکەی ئیداع و سپاردە بکات لەو بانکانە، بەوەی ئەگەر ئیداع و سپاردەی نەکرد ماڵ وسامان وپارە وپوڵی دووچاری زیان وتیاچوون دەبویەوە، ئەوا لەو کاتەدا ئەو سوود وزیادەیە وەردەرگرێت و لە بەرژوەندیە گشتیەکانی موسڵمانانندا خەرجی دەکات، وەك خەرجکردنی لە دروست کردنی ڕێگا وبان وپرد ونەخۆشخانە وهاوشێوەکانیان .

**بابەتی چوارەم : لەبارەی فەوتاوەکانەوە:**

دەستدرێژی کردنە سەر موڵك وماڵی خەڵکی وبردنی بەبێ هیچ هەق ومافێك کارێکی حەرامە ونادروستە، وئاینی پیرۆزی ئیسلام یاساغی کردووە، بۆیە هەر کەسێك دەستدرێژی کردە سەر ماڵی کەسانی تر و فەوتاندنی، لە هەمان کاتدا ئەو ماڵە ماڵێکی ڕێزلێگراو بوو، ئەوا ئەو کەسە زامنیەتی و دەبێت قەرەبووی خاوەنەکەی بکاتەوە، هەروەها هەر کەسێك بوو بە مایەی تیاچوونی ماڵ وسەروەرت وسامانی کەسانی تر، بەوەی کە گورسی بەستنەوەی ئاژەڵێکی کردەوە و یاخی بوو، یان دەرگای پەچە و خانەکەی لێکردەوە، یان هەر شێوەیەکی تری هاوشێوەی ئەوانە، ئەوا دەبێت ئەو کەسەی بووە بە مایەی فەوتان و تیاچوونی ئاژەڵەکە قەرەبوووی خاوەنەکەی بکاتەوەو چونکە هۆکاری فەوتانی بووە .

ئەگەر هاتوو ئاژەڵ و ووڵاخ بوو ئەوا پێویستە لەسەری بەشەو بیانپارێزێت ولەگەوڕ و خانی تایبەتدا بیانبەستێتەوە، وە نەهێڵێت ئەو ئاژەڵ وووڵاخانە ببن بەمایەی خراپکردنی کشتوکاڵی خەڵکی یان زیان گەیاندن بەخۆی، بۆیە ئەگەر هاتوو کەمتەرخی کرد و بوو بە مایەی زیانگەیاندن لە شەودا، ئەوا کەسی کەمتەرخەم زامنە ودەبێت قەرەبووی زیان لێکەوتوان بکاتەوە، چونکە ماڵ وسەروەت وسامان وگیانی خەڵکی ڕێزلێگیراوە ونابێت دەستدرێژیان بکرێتە سەر، یان ببێت بەهۆکاری خراپ بوون و تیاچوونیان .

کەسی دەستدرێژی کار، یان ئاژەڵی دەستدرێژی کار، ئەگەر هاتوو نەتوانرا دەستدرێژیەکەیان بدرێتە دواوە بەوە نەبێت کە بکوژرێت، جا بۆیە ئەگەر هاتوو کوژرا، هیچ زەمانەت ناکرێت و قەرەبوو

ناکرێتەوە، چونکە کوشتنەکەی بۆ بەرگری کردن بووە لە گیان ونەفسی خۆی، ئەویش بە بەڵگەی ئەوەی کە پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : { من أريد ماله بغير حق، فقاتل، فقتل، فهو شهيد}[1].

واتا : هەرکەسێك دەستدرێژ کرایە سەر ماڵ وسامانی بە بێ هیچ هەق ومافێك، وە لەو پێناوەدا لەگەڵ کەسی دەستدرێژکار جەنگا، وکوژرا، ئەوا شەهیدە .

وە هەرکەسێك هەرشتێکی فەوتاند کە خوای گەورە ئەو شتەی حەرام کردبوو، وەك ئامێرەکانی موسیقا و گاڵتە وگەپ، وە خاچ، وپیاڵە و پەرداخی مەی خواردنەوە، وکتێب وپەرتووکی بیدعە وگومڕاکەر، وکاسێت وگۆڤاری ڕووت وبەرەڵا، ئەوا زامن نابێت وواجب نیە قەرەبووی خاوەنەکانیان بکاتەوە، بەڵام دەبیت ئەوەش بزانین ئەو کارە بەو شێوەیە نیە کە هەرکەسەو بەئارەزووی خۆی هەڵسێت بە بێ پرسی حاکم ودەسەڵات ئەو کارە بکات، بەڵکو دەبێت حاکم ودەسەڵات ئاگاداری ئەوە بێت، و لەژێر چاودێری ئەودا بێت، ئەویش لەبەر بەرژەوەندی گشتی و گلدانەوەی خراپە وهەڵنەگیرساندنی ئاشوب وئاژاوە لەناو کۆمەڵگەدا ..

[ لەخوای گەورە و میهرەبان داواکارین کە بە فەزڵ وبەخشندەیی خۆی یارمەتیمان بدات کە کەسێکی ئەمانەت وسپاردە پارێزەر بین، وە بەهیچ جۆرێك خیانەت لە سپاردە وئەمانەتیان نەکەین، وە نەبین بە مایەی دەست درێژی کردنە سەر سەروەت وسامانی خەڵکی و فەوتاندن وتیاچوونی ماڵ وحاڵیان ] وەرگێڕ

وصلى الله وسلم على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه وسلم

(1) تیرموزی بە فەرموودەی ژمارە (1420)، ڕیوایەتی کردووە، وە ووتویەتی : فەرموودەیەکی حەسەن و صەحیحە، وە ابن ماجەیش بە فەرموودەی ژمارە (2582) ڕیوایەتی کردووە، وە بوصیری لە پەرتووکی ( الزوائد ) دا سەنەدی ئەم فەرموودەیەی بە حەسەن داناوە، هەروەها شێخ ئەلبانیش بە فەرموودەیەکی صەحیحی داناوە، ( بڕوانە : صحيح الترمذي، فەرموودەی ژمارە 1147) .